www.kurdistannet.org
20-10-2006 12:23 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## عبدالغنی علی یحیی ی جاش قەڵەم دەستوری کوردستان شرۆڤە دەکات ... دڵپاک

بەر لەوەی بچمە نێو باسەکەم حەزدەکەم ئەوەبڵێم کە من هەرگیز نووسەر نیمە. خۆ ئەگەر کەم وکورتیەک هەبێت لە نووسینەکەم لە ڕووی زمانەوانی داوای لێبووردن دەکەم. دیارە ئەم وورده نووسینانەم لە ڕوانگەیەکەوە سەرچاوەدەگرن کەهەرگیز مرۆڤ ناتوانێ لێی بێدەنگ ببێت.

بەڵێ. هەرچەندە من دوورە پەرێزم لە بواری ڕۆشنبیری بەڵام ماوەی پتر لە 30 ساڵە بەووردی موتابەعەی نووسین و هەڵوێستی سەرجەم نووسەرەکان دەکەم. عبدالغنی علی یحیی کەسایەتیەکی تابڵێی ینتهازی و کەم فرسەت و بێ مەبدەئە و هەموو مەبدەئی ئەو کەسە پاریە و بەس. ئامادەیە ئیستا لە پێناو پارە دەیان نووسین لە دژی حکوومەتی هەرێم بنووسێ بە ناوی خوازراوە بۆ میت و ژیتەمی تورک و یتلاعاتی ئیرانی هتد. ئەنم کەسایەتیە لەم بوارەدا خیبرەی چاکی هەیە بۆ نموونە. لەسەردەمی بەعس لە ڕۆژنامەکانی الیورە و هاوکاری و العراق دا بەناوی جۆراوجۆری وەک عادل وهیب و علی الفراتی و دیدارو هتد. جگە لەوەش هەموو سەرووتارەسیاسیەکانی گۆڤاری کاروان ئەم عبدالغنیە دەینووسی کە تیایدا بەشان و باڵی سەدامی دا هەڵدەگووت. ئەوەتا دەیان شاهد هەن کە ئەوسات لە گۆڤارەکە کاریان دەکرد.

ئیستاش دەم دەکاتەوە دەڵێت ئەمە حیکمەتی سەرۆک بارزانیە.. سەیرکەن ئەم کۆنە شیوعیە بێ مەبدەئە پارە پەرستە شارەزاترین کەسە لە هونەری پانکردنەوە. لەدوای ڕاپەڕین ئەوناوانە نەمان ئیتر ئەمجارەیان بوە یاری کەر لە تیپی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان. ئیتر لە دەزگای ڕاگەیاندنی ئەم یەکیەتیە لە ڕۆژنامەی الاتحاد و کوردستانی نوێی و تەلفزیون دەست بەکاربوو وەک نووسەربەڵام بەناوی خواستراوە بەناوی ل. بۆتانی وهەمان تاقی کردنەوەی بەعسی لەگەل یەکیەتی دووبارەکردوە. چونکە هەرگیز لەوباووەڕەنەبوو کەم ئەم ئازدیەی کوردستان بەردەوام دەبێت بەڵکو لە زووترین کات بەعس دەگەڕێتەوە کوردستان چونکە ئەم دوو حزبە کۆنەپەرستن و سەربە ووڵاتە سەرمایەدارەکانن و ئیتر بەناوی خوازراوی جۆراوجۆر بابەتەکانی بڵاودەکردەوە لەدژی ڕژێمی بەعس و پارتی و لەماوەی شەڕی ناوخۆ بنەماڵەی ڕەحمەتی بارزانی شیتەوە لە ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکانی یەکیەتی بەناوی خوازراو. دواجار لە چاونووقانێکدا قووچاندی بۆ مەسیف سەلاحدین و لەوێش بەناوی خوازراو چێ سوکایەتی هەیە بە بەڕێز مام جەلال سەرکردایەتی یەکیەتی کرد ئەویش لەژێر ناوی خوازراو و ئەمە لەکاتێک لەناو یەکیەتی دوو تا سێ معاش هەبوو دیارە ئاخوری پارتی چاکتر بوو بۆیە بەرەو بارتی تێی تەقاند، . لەوێش دیگوت کاکە من کابرایەکی بادینی چیم داوە لە جەماعەتی جەلال، ئیتر ئەم جارەیان لە ڕاگەیاندنەکانی پارتی بووە چاکترین چاوەش و موحەلیل سیاسی. بەر لە ڕووخانی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕ ئەمجارەیان بووە پەیامنێری ازاعە یۆت العراق الحر. ئەمجارەیان لەژێر ناوی احمد سعید ڕاپۆرتەکانی خۆی ڕەوانەدەکرد. لێرەدا تەحدای ئەم عبدالغنیە ئینتهازیە دەکەم ئەگەر بڵێت یەک ووشە لەم نووسینەدا ڕاست نیە. شەرمە بۆ کەناڵێکی ئاسمانی وەک زاگرۆس کە مییێداقیەتێکی درووست کردوە لەلایەن بینەری کوردستان. کە چی کۆنە شیوعی و ئینتهازی و گێڕگۆڕ هەیە ئەیانکاتە میوانی تەلەفزیون بۆ شرۆڤەکردنی یاسای کوردستان. بەڵی کەسانی وەک کۆنە کەمالی تازە ناوکاروانی کۆنەشیوعی تازەپارتی کەتادوێنێ تۆپی بە کوردایەتیەوە دەنا. دەیگوت پارتی حزبێکی کۆنەپەرست و ئەوەتا لە سوێد ئەوقسەناشیرنانەی کە بەپارتی گووتوە هەمووی بە ئامێری کامیرەی دەنگ تۆمارەکراوە. ئەگەر جورئەت بکات بڵێ وانیە شەرت بێت ئەم کاسێتوە بڵاو بکەمەوە. زۆر بەداخەوە بۆ هەردوو حزب کە مەجالی ئەم کۆنە شیوعیانەیان داوە کە تاناو مۆخیان دووژمنی بیری نەتەوایەتین ئیستاش هەر بۆ ئومەمیەت دەگرین. هیچ شیوعیەک بۆی نیە باس کوردایەتی بکات. چونکە لەسەردەمی

بلۆکی سۆڤیەت چی بێ ئەخلاقی و پڕۆپاگەندە هەبوو بە بزاڤی ئازادیخوازی کوردیان لە مۆسکۆ و مەنزومەی ئیشتراکی گۆربەگۆر کرد. بەڵی بەڕێزان ئەم عبدالغنیەش درچووی ئەم قوتابخانەی شیوعیەتیە. بۆیە دەزانی چۆن و لە کام وەخت پانی دەکاتەوە. لێرەدا داوا لە ڕێزدار سەرۆکی حکوومەت و سەرۆکی کوردستان دەکەم کە چیتر هەستی خەڵک بە مانەوەی ئەم جۆرە کەسانە بریندار نەکەن. هەتا زووە ریسوایان بکەن. لە ئەڵقەی ئاییندە باس لە چۆنیەتی ئەمپەیوەندیە دەکەم کە چۆن ئەم عبدالغنیە لە ڕێگەی هەمزە عوسمان ی کۆنە سەرکردەی شیوعی عیراقی لە گەل سکرتێری نووسینی ڕۆژنامەی الپورە و ئاشکراکردنی زۆرینەیەک لە لاپەڕەکان.